# تاسەی نەورۆز

سوورِا گۆی زەوی
هەزاران چەرخ
کۆنە زستان رِۆیی و
بەهاری نوێ هاتەوە
خاکە لێوەیە،
گەزیزە رِواوە
لەگەڵ گەزیزە
یادی ئازیزە
لەناخەوە چرِۆ دەکا و
سەرلەنوێ، سەرهەڵ ئەداتەوە

ئەم بەهارەش لە گوێن جاران
هەزاران خۆزیا وبریا،
یادی مرۆڤی لە خوێندا گەوزاو
بۆ مافی رِەوا وبەشی خوراو
لە زریای بیرەوەریدا
شەپۆل ئەدا وێنەی سێڵاو
هەزاران ساڵە ئا بەم حاڵە
نەتەوەی کورد بریندارە
دار وبەری وڵات تازییە بارە

دەستپێکی سەدەی بیست ویەکەمە
تا بەکەی ئەم جەور وستەمە!
تابەکەی ئێمە بژین بەم شێوە
تا بەکەی کارمامزەی شادی
دیلی دەستی زاڵمە دێوە ؟!
رِەحمان سۆفی